# سەردانی ڕایس : فشاری سیاسی یان پێشڤە چوونی دبلۆماسی

( ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس )

2 - 1

ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سڕینەوەی دەسەلأتەکانی سەدام حوسێن لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە . پێگەی کوردستانی کردە هاوشانی بەغدا . ڕاستی ئەمەش جیا لەوپێگە گرنگانەی لەبەغدا بەکورد دران , بەهۆی داوەت و بەسەرکردنەوەی بەرپرسە بالأکانی هاوپەیمانان بوو , کە هەتا ڕژێمی بەعس لەدەسەلأت بوو , هەرگیز بۆ جارێکیش , لێپرسراوێکی بالأی وولأتە خاوەن بڕیارەکانی دنیا لەئاستی وەزیر . لەئەنقەرەوە کەئەوکات تاکە دەروازەی نێودەوڵەتی کوردستان بوو , تەجاوەزی کوردستانی نەکرد .

بۆ کورد وەکو نەتەوەیەکی بێی دەوڵەت , خۆشبەختیەکی گەورەیە ,هاوشانی بەغدای پایتەختی عێراق . سەردانی بەرپرسە بالأکانی ئەمریکا و بەریتانیا , لەهەمان کاتیشدا بۆ کوردستانیش بێت .

پێش سەردانی ئەم دوایەی کۆندالیزا رایس بۆ کوردستان لە 6 / 10 / 2006 . دوو ساڵ بەر لەم ڕۆژە , لەسەردانێکی لەناکاودا ڕایس گەیشتە هاوینەهەواری پیرمام , بۆ ئەو کات ئەگەرچی ئەجندای سەردانەکەی بۆ بەڵێنی تەواوەتی کورد بوو بە دەستووری هەمیشەیی عێراق . بەلأم بێشك بردنەوەی گرەوی دبلۆماسی کوردبوو لە هەمان کاتدا . چونکە توانرا وەزیری دەرەوەی گەورەترین وولأتی دنیا , هاوشانی بەغدا , بۆ جاری یەکەم بۆ کوردستان بهێنرێ , کەدواتر بوو بە نەریت و وەزیری تریشی بەدواداهاتن . هەربۆیە شاگەشکەی هەموومانی خۆشحاڵ کرد . بەندەش ئەوکات لەوتارێك دا , ئەم هەنگاوەم نرخاند .

بەباوەڕی من سەردانی ئەم دوایەی وەزیری دەرەوی ئەمریکا لە جاری پێشوو جیاوازەو لەکوردستانیش لە ماوەی ئەم دووساڵدا گۆڕانکاری زۆر ڕوویانداوە . لەبەر ئەمە ئێستا ساتێکە , مادام دەسەلأتەکانی هەرێم لەجیاتی حزبەکانی بەرێ , لەدەزگای شەرعی و یاسایی ڕێکخراون . ناکرێت سەردان و بەسەرکردنەوەی هەر بەرپرسێکی دنیا بەدەسکەوتی نەتەوەی و چارەنووس بۆ خۆمان بژمێرین . دەزانم فۆڕمی گشتی ڕەوتی دبلوماسی و پەیوەندییەکان ئەوە بەدیار دەخات , کە وولأتان و هەموو ئەوانەی لەکایەی سیاسی کاردەکەن , پێویستیان بە پەیوەندی هەیە . لە ئەوەش بەئاگام سالأنێکە هاوکێشەکانی عێراق و تەنانەت تەواوی ناوچەکە . بەبێی کورد لاسەنگیان وەردەگرت و هەموو ئەمانەش لە پێگەی ئێرەو داوەت و سەردانە دبلۆماسییەکان ڕسکاون . بەلأم سەرەڕای هەموو ئەمانە زۆر پێویستە بە جورئەت و ئەدایەکی تر سەیری هەولە دبلوماسییەکانی ئێستا و داهاتوو بکەین . چونکە دبلوماسییەت و پەیوەندییەکانی ئەم هەرێمە لە چاو ڕابردوو لەئاستێکی بالأن و لە قۆناغێکی بەرزتردان .

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە سەردانی ئەم جارەی کوندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان , بەخوێندنەوەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی هەولێر , لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا . بەجۆرێکی تر لەبەر چاو بگرین و شیکاریەکانیشمان بە جۆرێکی تربێت .

سەردانی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەگرتووەکان بۆ کوردستان لەکاتێکدایە کە گرژی و تێکگیرانەکان لەنیوان بەغدا و کوردستان ( عەرەب و کورد ) . ئاراستەیەکی دژبەیەك و نزیك لەتەقینەوەیان وەرگرتووە . لێدوان و ئاخاوتنەکانی ئێرە و ئەوێ واتای هاوبەشی و لێك نزیکبوونەوە نادەن بەدەست . دەرك کردن بەم لێك دوورییە . کوندالیزا رایسی پەلکێشی ئێرە کرد . لەو باوەڕدام ئەگەر گرژیەکان ئاراستەیەکی دژ بەیەکیان لەنیوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق وەرنەگرتبایە . ڕەنگە ئەم جارەش وەکو سەردانە زۆرەکانی ئەم وەزیرەو لێپرسروانی تر ئەمریکا بۆ بەغدا . رایس سەردانی کوردستانی

نەکردبایە .

ڕاستییەکی تاڵە و ڕەنگە زۆربەشمان بیزانین . کە لەئێستادا عێراق بەخاك و نەوت و خودی دانیشتوانیشییەوە . ئەمریکا بە هی خۆی دەزانێت و بەرژەوەندییەکی گرنگی زۆر و زانراوی ئەمریکای تێدایە . عێراق جیا لە پێگە هەستیارە جوگرافییەکانی , جیا لەنەوتی دۆزراوە و بەرهەم هاتووی . سامانێکی سروشتی نەدوزراوەی زۆر و لەناویشیاندا ( نەوت ) ی بەرهەم نەهاتووی زۆرە و هەر لێدوان و هەنگاو ئاراستەیەك لەئیستا مەترسی بۆ عێراق دروست بکات , با ئەوهەنگاوە لەلایەن کوردی هاوپەیمانی ئەمریکاش بێت . بەهیچ جۆرێك لەلایەن ئیدارەی ئیستای ویلایەتە یەکگرتووەکان قەبووڵ نییە . ئالەبەر ئەمەیە سەردانەکەی رایس بۆ کوردستان , فشاری زۆری بۆ سەر سەرکردایەتی کورد تێدا بەدی دەکرێت . بۆ هەموو لایەك ڕوونە و هیچ لێڵێکی تێدا بەدی ناکرێت کە مادام عێراق بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە . چاو پۆشی لەپر کێشیەکەی دەکرێت . بەدڵنیایەوەی ئەم ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەتا بتوانێ و بۆی بلۆێی . ڕیگانادات عێراق لەبەر یەك هەڵوەشێت .

2006 / 10 / 9

2 – 2

لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا , پرسیاری ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییە , وەکو بۆ ڕازی کردنی دڵی بەرپرسانی بەغدا و ئەنقەرەبن , وا بوون . ئاخر پرسیاری لەمەڕ داوای سەربەخۆی شەقامی کوردی و هاوڕای سەرۆکی کوردستان یان ڕەتکردنەوەی لەو ساتەی لەچەند هەفتەی ڕابردوو لەپەنای ئالای ڕژێمی بەعسەوە . چەند و چوونێکی زۆری لەنیوان کوتلەکانی کۆمەلەی نیشتمانی و حکومەتی عێراقیی و خودی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕوویداوە . چ واتایەك دەبەخشێت ؟! گەڕان بە دوای وەڵامێکی یەکلا کەرەوە لەمەڕ پرسی نەوتی تازە دۆزراوەی کوردستان و سنووردارکردنی هەموو جموجۆڵ و چالاکییەکی P.K.K لەناوچەکە . دەرخەری ئەو فشارانەن کە لە بەغدا و ئەنقەرە . دژی کورد و هەرێمی کوردستان . بەگەر خراون و ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ نەرەنجانی ئەوان . بەدوای وەڵامەکەیاندا دەگەڕا .

تاکە پرسیارەکەی ڕۆژنامەی ( التحاد )یش کە داوای گرەنتی چەندان جار دووبارەکراوی بۆ کورد دەکرد کە بەبڕوای خۆم هیچ پێویستی بەم پرسیارە لە ئێستادا نەدەکرد . هەر بۆیە ڕایس هەموو گرەنتییەکی بۆ کوردستان بەعێراقەوە بەستەوە و هیچ گرەنتیەکی بۆ کوردستان کە جیاواز بێت لەعێراق نەکرد و گوتی ( ئێستا دەتوانین بڵێن ئێمە پشتگیرییەکەمان بۆ عێراقێکی دیموکراتییە نەك هەر تەنها دیموکراسییەت بۆ هەرێمی کوردستان , دەستووریش زەمانەتە بۆ ئێوە و باشترین چارەسەر ئەوەیە کە عێراق یەکگرتووبێت . ) "1"

زەمانەت بۆ ئێوە دەستوورە , چەند وشەیەکن کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوەڵامی پرسیاری گرەنتی بۆ کورد چییە ؟ دەریبڕین . ئەم چەند وشەیە ناچاری هەڵوێستەمان دەکات چونکە : خودی دەستووری هەمیشەیی عێراق مەترسی دەسکاری کردنی لەسەرەو هەموو ئەو برگە و ماددانەشی لە بەرژەوەندی کورددان , دوای تێپەڕبوونی ساڵێك یان جێبەجێ نەکراون یان لەبەغداوە هەوڵی گۆڕین و دەسکاری کردنیان دەکرێ .جیا لەمەش شاراوەنییە کە دەستوور ڕێگای بە هەرێمە فیدراڵییەکان داوە سوود لە سامانە بەکارنەهاتووەکانیان وەربگرن . ئەی ئەو فشارە زۆرە چییە؟ لەسەر دەسەڵات و خەڵکی کوردستان ؟!کە تەنها دەیانەوێت سوود لەنەوتی خۆیان بە پێی دەستوور وەربگرن . یان چونکە عەرەبەکان ڕازی نین لەسەر دەرهێنانی نەوت لەکوردستان . کورد بەناچاری لەژێر فشاری ئەمریکا دا . دەبێت بڵێت : داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراقە . ئاماژە و کۆدی پشت ئەم دەربڕینانە . دەرخەرێکی ڕاشکاوانەی فشاری ئەمریکان لەسەر کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی .

ئەگەرچی نەوت تاکو ئەم ساتەش , لەجیهاندا سەرچاوەیەکی بێی بەدیلە . لەستراتیژیەتی ئەمریکاشدا بایەخێکی فرەی وەرگرتووە . ئەم پێداویستییە بۆ زلهێزێکی وەکو ئەمریکا , زۆر سنووری نزیك کردۆتەوە , ئەمریکا هەرگیز لە پێناوی بەدەست هێنانی نەوت بۆ وولاتەکەی هیچ سنوورێکی نەناسیوە . ئامادەگی ئێستایان لەعێراق بەشێکە لەستراتیژیەتی

بەدەستخستن و گەڕان بەدوای نەوتدا . ئەگەر چی بۆ ئێمەی کورد , تاکتیك و ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەعێراقدا هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت . هاتن بۆ عێراق و مانەوەیان بۆ ئێمەی کورد پیرۆزە و زۆر بەڕاشکاوی پێویستە بگوترێت : پارێزگاری و مانەوەی ئێمە کوردی پێوە بەستراوە .

بەلاّم بۆ هەموو کوردێك جیگای پرسیارە . نەوت کەلەوەتەی لەساڵی 1927 لە کەرکوك دا دۆزراوەتەوە . لە جیاتی خۆشبەختی بۆمان بۆتە هۆی نەهامەتی !!!سەرەڕای چەسپانی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە هەرێمەکان سوود لەسامانە سروشتییەکانیان وەربگرن . بەلاّم بە لێدانی ئەو بیرەی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێدرابێت . پێش ئەوەی تەواو بێت , هەلاّیەکی گەورەی لەبەغداوە لەسەر دروست بێت و داوای گەڕانەوەی بۆ سەر وەزارەتی نەوتی عێراق بکرێت . ئەمریکای هاوپەیمانی کورد لەئیستا و بەر لەڕووخانی بەعس وەکو خانم ڕایس ئاماژەی پێدا . ببێتە بەشێك لە هاوکیشەکە و لاگیری بەغدا لەسەر حسابی کورد بکات ! لە کاتێکدا بەشێك لەستراتیژیەتی زانراوی ئەمریکا بە دەست خستنی نەوتە . ئەم لاگیریە دروست لەو کاتە , لەهەموو کات زیاتر جێگای پرسیارە . کەبەهۆی ئەزمەی بێی سوتەمەنی لەکوردستان , هاووڵاتیانی کوردستان توانای کڕینی چەند سەد لترە نەوتێکیان نییە؟!! .

2006 / 10 / 10

---

(1) ڕۆژنامەی خەبات –ژمارە ( 2289 ) رۆژی 7 / 10 / 2006 لا 2